# نەتەنیاهۆ: پشنیاری ستیڤ ویتکۆف نەردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی قبوڵکراوە



بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پشنیاری ستیڤ ویتکۆف نەردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی قبوڵکردوە، بەڵام حەماس ئەو لایەنەیە کە هەتیدەکاتەوە بگەنە ڕێککەوتنی ئاگربەست.

بنیامین نەتەنیاهۆ لە تمارکی قیدیۆیدا کە لە پلاتفۆمی ئێکس بڵاویکردوەتەوە دەڵێت، "دوای سەردانکی گرنگ گەڵامەوە، سەردانکی زۆر سەرکەوتو بو، دوای سەرکەوتنکی گەورە بەسەر ئێراندا،دەرفەتی زۆر و ئەگەری زۆر و ئەرکی زۆر هەیە، من بڕیارمداوە هەمویان بەدەستبهێنم".

سەبارەت بەو هاپڕتەە میدیایانەی کە باس لەوە دەکەن حکومەتی ئیسرائیل پشنیاری ئاگربەستی لە غەززە هەتکردەوە، بنیامین نەتەنیاهۆ ڕونیکردەوە، " قسەکانیان هەمیشە دەنگدانەوەی پڕوپاگەندەی حەماسە، بەڵام هەمیشە هەڵەن، ئێمە ڕێککەوتنەکەمان قبوڵکرد، ڕێککەوتنی ویتکۆف و دواتر ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن نوەندگیریەکانەوە پشنیارکرابون، ئێمە قبوڵمان کردن، بەڵام حەماس هەتیکردەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حەماس دەیەوێت لە غەززە بمێنێتەوە، دەیەوێت ئێمە بکشێنینەوە و چەکداری بکەینەوە بۆئەوەی دووبارە و سەبارەت هەرشمان بکاتەسەر، من ئەوە قبوڵ ناکەم، هەمو هەوڵێکیش دەدەم بۆ گەڕاندنەوەی دیلەکانمان".

جەختیشیکردەوە، " لەگەڵ کەسوکاری بارمتەکان کۆدەبمەوە، لەگەڵ بارودۆخی ئەوان تێدەگەم و ئازارەکانیان دەزانم، بۆیارمدا دیلەکان بگەڕێنمەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بزوتنەوەی حەماس لەناو ببەم".